وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
رئاسة جامعة صلاح الدين ـ اربيل
كليـــة الإدارة و الإقتصاد

# بابەت/ پەیوەندیە ئابوریە نێو دەوڵەتیەکان

# المادة/ علاقات الاقتصادية الدولية

# International Economic Relations


مظفر حمد مصطفى

ماجستير في علوم الاقتصادية / جامعة صلاح الدين

mudhafar.mustafa@su.edu.krd

# دووەم:-تیۆری تێچوونی ڕەها:-

- بنەمای تایبەتمەندی و دابەشکردنی کار، کە بە بەردی بناغە لە لایەن ئادەم سمپ دادەنرێت و داوای جێ بەجێ کردنی لەسەر بازرگانی دەرەکی دەکات. ئەمەو ئادەم سمپ بەرگری لە ئازادی بازرگانی و دەستێنەخستنی دەوڵەت لە چالاکییە ئابوورییەکان دەکات، ئازادی بازرگانی وا دەکات هەموو وڵاتێك داهات و سامانی زیاد بکات، ئەویش بەهۆی تایبەتمەندی و دابەش کردنی کارەوە، لە ئەنجامی ئازادی و دەستێنەخستنی هەموو وڵاتێك هەوڵی هەڵسوکەوتی مەنتقی بدات، ئەویش بریتییە لەوەی وڵات کاڵا هاوردە بکات لە وڵاتێکی تر، کە تێچوونی کەمتر بێت لەوەی ناوخۆ بەرهەمی بهێنێت. هەروەها تایبەتمەندی وەربگرێت لە بەرهەمهێنانی ئەو کاڵایەی کە تێچوونی ڕەهای لێ هەیە و دوای ئەوە ئەو بڕە کاڵایەی زیادبوو لە پێداویستی خۆی ئاڵوگۆڕی پێ بکات.

## له گرنگترین گریمانەکانی ئەم تیۆرە ،بریتییە لە

- بوونی دوو وڵات و دوو کاڵا.
- کار تاکە هۆکاری بەرهەمهێنانە.
- چەسپاوی ئاستی تەکنەلۆژی.
- پەیرەو کردنی سیاسەتی ئازادی بازرگانی.
- ئاسانی گواستنەوەی هۆیەکانی بەرهەمهێنان لە ناوخۆ وگرانی گواستنەوەی لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی.
- بازاڕی کێبرکێی تەواو لە ئارادایە.
- چەسپاوی تێچوونی گواستنەوەی نێودەوڵەتی، واتە کرێی گواستنەوە سفرە.
- قەبارە دەکەوێتە ژێر کاریگەری چەسپاوی بەرهەم هێنانەوە.
- ئاڵوگۆری لە سەر بنچینەی شت گۆرینەوەیە.

داتای لە توانا دابووی هەردوو وولات بۆ بەرهەمهێنانی یەك كاڵا

| وڵات | گەنم | لۆکە |
|---|---|---|
| (أ) | 200 | یان 100 |
| (ب) | 100 | یان 200 |

داتای **پێش تایبەتمەندێتی** هەردوو وولات بۆ بەرهەمهێنانی هەردوو كاڵا

| وڵات | گەنم (تەن/کاتژمێری کار/ کات) | لۆکە (تەن/ کاتژمێری کار/ کات) |
|---|---|---|
| (أ) | 100 | 50 |
| (ب) | 50 | 100 |
| سەرجەم | 150 | 150 |

## دوای تایبەتمەندێتی

| ولّات | گەنم | لۆکە |
|---|---|---|
| (أ) | 200 | --- |
| (ب) | --- | 200 |
| سەرجەم | 200 | 200 |

## دوای ئەنجامدانی ئاڵوگۆری بازرگانی

| ولّات | گەنم | لۆکە |
|---|---|---|
| (أ) | 150 | 50 |
| (ب) | 50 | 150 |
| سەرجەم | 200 | 200 |

## دەستکەوتەکانی ئاڵوگۆری بازرگانی

دەستکەوتی وڵاتی (ا)

50=100-150:

دەستکەوتی وڵاتی(ب)

50=100-150:

داتای لە توانا دابووی دوو وولات بۆ بەرھەمھێنانی یەك كاڵا

| وڵات | نەوت | خورما |
| --- | --- | --- |
| (أ) | 160 | 80 |
| (ب) | 80 | 160 |

داتای لە توانا دابووی دوو وولات بۆ بەرھەمھێنانی یەك كاڵا

| وڵات | گەنم | ھەنار |
| --- | --- | --- |
| (أ) | 120 | 240 |
| (ب) | 240 | 120 |

# هەڵسەنگاندنی تیۆری تێچوونی ڕەها:

1-لایەنە پۆزەتیڤەکان:

ا- بریتییە لە بەردی بناغەی تیۆرەکانی بازرگانی دەرەکی.

ب- تایبەتمەندی دەبێتە هۆی زیادبوونی بەرهەمهێنان، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی هەناردەکان، بەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی داهاتی نەتەوەیی.

ج- بەکاربەر جۆری نوێی لە کاڵاکان بە دەست دەگات.

د- بەکاربەر کاڵا بە نرخی کەمتر بە دەست دەهێنێت.

ه- بەکارهێنانێکی نموونەیی بۆ هۆکاری کار.

# 2- لایەنە نێگەتیڤەکان

## ا-رەخنە گشتییەکان:

- تیۆری تێچوونی ڕەها لە کاتی ئیستادا ناتوانێ ڕاڤەی بازرگانی نێودەوڵەتی بکات تەنیا بەشێکی کەمی نەبێت.
- تیۆری تێچوونی ڕەها  بریتییە لە بەشێکی تیۆری تێچوونی ڕێژەیی.
- تیۆری تێچوونی ڕەها نەیتوانی وەڵامی ئەم پرسیارەی خوارەوە بدەرەوە: چارەنووسی ئەو وڵاتە چی دەبێت، کە تێچوونی ڕەهای لە هیچ کاڵایەك نەبێت؟. ئایا لەسەری پێویستە نەهێتە نێو بازرگانی نێودەوڵەتی و لە دوورە پەرێزی بژی؟

داڤید ڕیکاردۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی داوەتەوە، ئەویش لە ڕێگەی تیۆری تێچوونی ڕێژەییدا.

**ب-ڕەخنە تایبەتییەکان:**

- ئاڵوگۆڕی بازرگانی تەنیا لە نێوان دوو وڵات و دوو کاڵا ئەنجام نادرێت، بەڵکو زۆر لەوە زیاترە.
- ناتوانرێت بەرهەم تەنیا بە بەکارهێنانی هۆکاری کار بە دەست بهێنرێت، بەڵکو پێویستی بە بەکارهێنانی هەر چوار هۆکار (کار، زەوی، سەرمایە، ڕێکخستن) هەیە.
- ئاستی تەکنەلۆژیا چەسپاو نییە، بەڵکو لە گۆڕاندایە، ئەویش بەهۆی سوان و داهێنانەکان.
- بازاڕی کێبڕکێی تەواو بازاڕێکی وەهمییە و لە واقیعدا نییە.
- بەکارهێنانی شێوازی شت گۆڕینەوە، واتە فەرامۆش کردنی ڕۆڵی پارە بەشێوەیەکی بەرچاو.
- ناتوانرێت کاڵاکان لە وڵاتیك بۆ وڵاتیکی دیکە بە خۆرایی و بێ بەرانبەر بگوازرێتەوە.
- پەیڕەوکردنی سیاسەتی ئازادی بازرگانی لەنێوان وڵاتیکی پێشکەوتوو، لەگەڵ وڵاتێکی دواکەوتوو، لەو دۆخەدا وڵاتە پێشکەوتووەکە زۆرینەی دەستکەوتەکان بەدەست دەهێنێت، و وڵاتە دواکەوتووەکە دەستکەوتێکی زۆر کەم بە دەست دەهێنێت.